Tekoshan No.128

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت

نادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی نافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم نادرەسە:

http://www.khabatmedia.com/radio Email: dangikhabat2003@yahoo.com

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ – ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆڕك تیلکۆم – ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((128)) 24 of Razbar 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 14th Octo 2007

لێژنەی پێوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکا، کۆشتاری ئەرمەنیەکان بە جینۆساید دەناسێنێ

لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا کۆشتاری ئەرمەنییەکان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەجینۆساید ناسی. لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە ٢٧ دەنگی ئەرێ و ٢١ دەنگی نەخێر ئەو پڕۆژە یاسایەی پەسەند کرد کە کۆشتاری ئەرمەنییەکان لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا جینۆسایدە.

سەرکۆماری تورکیا لەیەکەم هەڵوێستی خۆیدا ئەم پڕۆژە یاسایەی بە نەشیاو و ناپەسەند ناوبرد و ئەندامانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکای بەوە تاوانبار کرد کە لەپێناو کایەو بەرنامە سیاسییە نێوخۆییەکاندا قازانجەکانی وڵاتەکەیان لە پۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخەنە مەترسییەوە. سەفیری تورکیەش لە واشنگتن لەو پێوەندیەدا هەڵوێستێکی توندی گرت وتی: " ئەوانەی پێیانوایە ئەم پڕۆژە یاسایە گورز لە پەیوەندییەکانی واشنگتن– ئانکارا نادات، با چاوەڕوان بن و ببینن. "

پشتیوانیی بریتانیا لە هەڵوێستی فەرانسە دژبە ئێران

دوای ئەوەی کە وەزیری دەرەوەی فەرانسە نامەی بۆ هاوتاکانی خۆی لە ٢٦ وەلاتی دیکەی یەکێتی ئوروپا نارد و داوای کرد کە ئابلوقە بخەنە سەر رژیمی ئێران، وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ڕایگەیاند کە لە داواکەی فەرانسە پشتیوانی دەکا. یەکێك لەوتە بێژەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی وەلاتەکەی بۆ ئابلوقەی لەسەر ئێران، وتی وەزارەتەکەی لە ئێستادا بەشێوەیێکی زۆرباش لەگەڵ وەزارەتەکانی دەرەوەی فەرانسە و ئالمان لەسەر ئابلوقە دژی رژیمی ئێران کاردەکاو چاوەڕێی ووتووێژ لەگەڵ وەزارەتەکانی دەرەوەی باقی وەلاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپادایە لەو پێوەندەدا. لەنامەکەی برنار کوشنر، وەزیری دەرەوەی فەرانسە کە دەوڵەتی بریتانیا پشتیوانی لێ کردوە هاتووە کە بۆ ناچارکردنی رژیمی ئێران بۆ پێ بەند بوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش پێویستە ئوروپا لەلایەن خۆیەوە ئابلوقەی زیاتر دژبە ئێران بە پەڕەو بکا.

فەرانسە پێ داگری لەسەرئەو دەکا کەلە دانیشتنی داهاتووی وەزیرەکانی دەرەوەی وەلاتانی ئەندام لە یەکێتی ئوروپادا کە بڕیار وایە ١٥ی ئۆکتۆبر(٢٣ی ڕەزبەر) کۆبنەوە. بڕیاری دانانی ئابلوقە دژ بە ڕژیمی ئێران بدرێ.

شکستی دیپلوماسی لە بارەی بەرنامەی ناوکەیی ئێران

جان بولتون نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕۆژی یەك شەمە ٣٠سپتامبر وتی کە دیپلوماسی لە بارەی بەرنامەی ناوکەی ئێران شکستی هێناوەو داوای لە ئەمریکا کرد کە تاووتوێی هێرشی نیزامی بکات. بەپێی ڕاپۆرتی ئاسوشیتد پرس، جان بولتون کە لە کۆنفرانسی حیزبی مەحافزەکاری بەریتانیا لە شاری بلك پول قسەی دەکرد باسی بەرنامەی ناوکەیی ئێرانی کردو وتی دەبێ زوو ساغ بینەوە ئێمە ناچارین ڕێگە چارەی سەربازی هەڵبژێرین. جان بۆلتۆن ووتی کاتێکی زۆر نەماوە بۆ ڕووبە ڕووبونەوە لە بەرانبەر زیادە ڕەوییە ناوکەییەکانی ئێران. ناوبراو زیادی کرد کە دوای شکستی هەوڵە ٤ ساڵەکانی وڵاتانی ئورووپایی بۆ پەیداکردنی ڕێگە چارەی دیپلۆماسی لە بارەی بەرنامەی ناوکەیی ڕژیمی ئێران، ماوەی زۆرمان لە پێش دا نەماوە. ناوبراو بە نوێنەرانی حیزبی موحافزەکاری بریتانیای وت کە ئەگەر ئێمە هێرش بکەینە سەر ئێران، دەبێ هاوکات بیر لە گۆڕانی ڕژیمی ئێران بکەینەوە و بۆخەڵکی ئێرانی ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە هێرش ناکەینە سەر ئەوان بەڵکو ئامانج بنکە ناوکەییەکانە. بۆلتۆن کە لە دەوڵەتی ئەمریکادا بەشێوەی فەرمی بەرپرسایەتی نیە، وەك کەسێکی تازە موحافزەکار دیتە ئەژمار.

خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ڕژیمی ئاخوندی و دەوڵەتە چەپەکان لە ئەمریکای باشوور

لە دوای بەشداری کردنی محمودی احمدی نژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئاخوندی لە شەست و دووهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ناوبراو سەردانی وەلاتانی وێنزوئێلاو بۆلیوی کردو لە لایەن هۆگۆچاوێز سەرۆکی وێنزوئێلا و ئیو مۆرالیس سەرۆك کۆماری بۆلیڤی پێشوازی گەرمی لێ کرا. سەفەری ئەحمەدی نژاد بۆ ئەو دوو وەلاتە بە دوای سەردان و قسەکردنی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێران لە ئەمریکا ڕووی دا، ئەگەرچی ئەحمەدی نژاد هەوڵی دا ئەو توندوتیژیەی ڕابردوو لە بەرانبەر ئەمریکا لە خۆ نیشان نەدا و زیاتری تاوانەکانی خۆی و ڕژیمەکەی لە ساردی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا خستە ئەستۆی ئەمریکا. بەو نەرم قسە کردنەی بەخەیاڵ ویستی سیمای شەرەنگێزانەی وەشارێ و هەرنەوعە ڕوداو و گرژییەك لە داهاتوودا ئەمریکا تاوانبار دەرچێ، بەڵام بە سەفەری بۆ دوو وڵاتی وینزوئیلا و بولیوی هەر زوو ئەو گومان و دوو دڵیانەی ڕەواندەوە و جارێکی دیکە دەری خست چ سیاسەتێکی ئاژاوە گێڕانەی هەیە. هەر کە لەگەڵ هۆگۆ چاوێز کۆبۆوە هێرشی تونديان کردە سەر ئەمریکاو ئەوەی لە نیویورك گوتی هەڵیوەشاندەوە. بۆ هەموو کەس ڕوونە ڕژیمی ئێران دەسەلاتێکی ووشکی مەزهەبییە و ژمارەیەك ئاخوند و غەیرە ئاخوند دەسەلاتیان بەدەستەوەیە کە سیستمی حوکمڕانی دواکەوتووانەیان هەیە و دوورن لە ڕێ و شوێنە ئازادەکان لە جیهاندا و تەنانەت ئەوەی بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن پێچەوانەیە لەگەڵ دەستوراتی ئیسلام. لەلای ئاخوندان هەرنەوعە بیرو بۆچوونێکی جیاواز لەوەی کە خۆیان باسی دەکەن و دەڵێن ناتەواوە و هەرکەس و لایەنێك خاوەنی بیرێکی جیا لە ئاخوندانی بێ دەکەوێتە بەرپەلامار و هێرشی دەکرێتە سەرو دنیای پێ تەنگ دەکرێ. ئاخوندەکان دەڵێن حکومەتی ئیسلامی دەڵێن دەسەلاتی عەدلی عەلی بەڵام ئەوەی باوەڕیان پێنیە ئیسلامەو عەدالەتە. بەڵگەش بۆ ئەوە بێ حورمەتی کردن بە موسڵمانانی سوننی لە سەرانسەری ئێراندا بێ ڕێزی کردن بە مەسیحیەکان و یەهوودیەکان لە ئێراندا کە پێچەوانەی دەستورەکانی ئیسلامە، تەنانەت بێ ڕێزی کردن بە زۆرینەی شیعەکان کە لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئاخوندەکان موخالیفن. لە پەیوەند بە لەبەرچاونەگرتنی مافەکان بۆ کەمایەسیە مەزهەبی و دینیەکان بەڵگەی زۆر هەیە و کەم کەس هەیە بەشێك لەو ڕەفتارە دزێوانەی ئاخوندەکان بەرانبەر تێکڕای پێك هاتە دینی و مەزهەبییەکان لە ئێراندا نەزانێ. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ ڕژیمی ئاخوندی و دەسەلاتە چەپە تازە بە دەسەلات گەیشتوەکان لە ئەمریکای باشوردا مەبەستی سەرەکیی هاوکارییان بۆ دژمنیەتیی ئەمریکایە بەڵام ڕژیمێك کە دژایەتی هەر نەوعە بیرو بۆچوونێکی فکری و مەزهەبی و ئایینی لە ناوخۆی ئێراندا دەکا، چۆنە ئێستا لەگەڵ دەسەلاتە کومونیستەکان لە ئەمریکای باشوور هاوپەیمانی و برایەتی دەبەستێ. پەیوەندی نێوان ڕژیمێکی ووشکی مەزهەبی ی لەگەڵ دەوڵەت و دەسەلاتە دژی دینیەکان لە ئەمریکای باشوور ئەگەر بۆچوونەکان و باوەڕەکانیان لەبەر چاو بگیرێ وەك برایەتی مشك و پشیلە دەچێ. بەڵام دیارە ئاخوندەکان ئەگەر قسە لە مەزهەب و ئیسلام دەکەن تەنیا بۆ فریودان و بەردو پێش بردنی کارەکانیانە، دەنا برایەتی نێوان ئیسلام و دژەکانی کوا باوەڕ دەکرێ. خومەینی حوکمی سەلمان ڕوشدی دەرکرد لە بەرئەوەی بیکاتە ڕەوپاگەندە بە قازانجی دەسەلاتەکەی بەو بیانوەی هێرشی کردۆتە سەر پێغەمبەری خودا. دەسەلاتدارانی ڕژیم هەر ڕۆژنامەیێکی خارجی باسێك بە دژایەتی ئیسلام بنووسێ زوو هەڵوێست دەگرن ئەویش نەك لە بەرئەوەی خەمی ئیسلامیان هەیە بەڵکو بۆ مەسرەفی تەبلیغاتی و بۆ مەبەستە چەپڵەکانیانە و فریوی کەسانی ساویلکەیە. ئەی دەبێ چ حیکمەتێکی تێدا بێ ڕژیمی ئاخوندی لەگەڵ ئەو دەسەلاتانە نزیکی و هاوپەیمانی دەبەستێ کە فکریان و هەڵوێستیان و ووتاریان دژ بە ئیسلام و هەموو ئەدیانەکانی سەر زەویە. بەو بەڵگانەی کە باسمان کردن ئەو ڕاستیەمان دەست دەکەوێ کە ڕژیمی ئاخوندی پێ بەندی هیچ ئوسوولێ و فکرو دینێك نیە. دەردەکەوێ ئەوەی ئاخوندەکان مەبەستیانەو گرینگی پێ دەدەن و هەموو سنورەکانی بۆ دەبەزێنن و پێشێلی هەموو عورف و عادەتێکی بۆ دەکەن، مانەوە لەسەر دەسەلات و دریژەی فەرمانڕەوایی سەرکوتگەرانە و دژی ئینسانی و دژی ئیسلامیانە یا نا.

ووتەی بەنرخ

ئەگەر مزگێنییێکت بۆ کەسێك پێیە، پەلە بکە لە گوتنی. (مۆریال)

بە هەبوونی ئیرادەی بەهێز، دەبیتە خاوەنی هەموو شتێك. (گۆتە)

بیر لە ژیان بکەنەوە بەڵام خەمی بۆ مەخۆن. (دیل کارنگی)

پێکەنین باشترین چەکی شەڕە لە دژی ژیان. (ئاناتۆل فرانس)

مرۆڤی زانا و ژیر بە دوای شتێکدا ناگەڕێت کە دەست ناکەوێت.

((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێك،

یەك سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی نیوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بلاو دەکاتەوە. دەقی نەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بلاو دەکاتەوە.

بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران